# هەواڵەکانی کوردستان

## کاسبارێک لەناوچەی سەلاسی باوەجانی دەکەوێتە بەر دەستڕێژی چەکی هێزەکانی رژیم

بە پێی هەواڵێك کە بەناەندی هەواڵی خەبات مێدیا گەیشتووە، رۆژی هەینی ١٥ی سەرماوەز ماشێنی کەسێك بەناوی عەزیزی قادری خەڵکی دێی رەجەوی (تاوگوزی) لەسەلاسی باوەجانی دەکەوێتە بەر دەستڕێژی هێزە دژی گەلیەکانی رژێمی ئاخوندی و لەئاکام دا یەکێك لەسەرنشینەکان، بەناوی جەلال نەسروڵلاهی کوری حەسەن ٢ فیشەکی بەردەکەوێت و بە سەختی بریندار دەبێ. بەپێی زانیارییەکان ئێستا ناوبراو لەنەخۆشخانەی کرماشان خەوێندراوە. شایانی باسە چەند مانگ لەمەوبەر جەباری نەسروڵلاهی برای جەلال بەدەست هێزەکانی رژیم هەر بەو شێوەیە دەکوژرێ.

***

## خۆکوشتنی ئافرەتێك لە پیرانشار

بە پێی هەواڵێك کە بەناوەندی هەواڵی خەبات مێدیا گەیشتووە، رێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٨٧ ئافرەتێك بە ناوی سەحەر خدربۆکانی کچی یۆسف کە خاوەنی منداڵێکی ٣ ساڵانەیە لەشاری پیرانشار خۆی هەڵدەواسێ و کۆتایی بە ژیانی دێنی. هۆی خۆکوشتنی سەحەر لەبەر ئازار و فشاری روحی و رەوانی مێردەکەی راگەیێندراوە. جێگەی باسە رۆژانە شاهیدی خۆکوشتنی دەیان ئافرەت لەناوخۆی کوردستان دەبین کە زۆربەیان یاساکانی پیاوسالاری و داب و نەریتە دواکەوتووەکانی باوی ناو کۆمەڵگا دەبنە هۆی روودانی ئەو کردەوە دڵتەزێنانە.

***

## دوو زیندانی عەقیدەیی دران بە زیندانی ناوەندی شاری سنە

لە دوای تێپەڕینی ٥٠ رۆژ بە سەرگیرانی دوو هاووەڵاتی کورد بە ناوەکانی وریا ئەسکەندەری و دیاکۆ قوبادی کە لەو ماوەدا هیچ هەواڵ و زانیارییێك سەبارەت بەو دوو کەسە نەبوو، دەرکەوت کە لە زیندانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەدان.
رۆژی شەممە ٢٣ی سەرماوەز ئەو دوو کەسە لە زیندانی ئیتلاعاتی رژیمەوە دران بە زیندانی ناوەندی شاری سنە و رێگە درا چاویان بە خانەوادەکانیان بکەوێ.
شایانی باسە قازی زارعی بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی ئەو دوو کەسەی بە نادیار هێشتۆتەوە و تا ئێستا هۆی گیرانیان ڕانەگەیێندراوە.

***

## دە کەسی بۆکانی لەلایەن دادگای رژیم لە مەهابادەوە بانگکران

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان، لە ماوەی چەند رۆژی ڕابردوودا دە کەس لە خەڵکی شاری بۆکان بە ناوەکانی ئیسماعیل ئەدیب حیسامی، ئیبراهیم ئیسماعیل پوور، نادر بایەزیدی، ناسر حاجی پیرۆتی، خالد خوداکەرەمی، عەلی رەسوولْ نژاد، حەسەینی شاوێردی، تاهیر کەریمی، محەممەد کەریمی و مستەفا نادری بۆ دادگای رژیم لە مەهاباد بانگکران.
ئیبراهیم عەزیزی پارێزەری ئەو گیراوانە گووتی: تۆمەتی ئەو کەسانە کە ئەوە دووهەم جارە بۆ دادگا بانگکراون، هەڵسووڕان و پڕوپاگەندە دژ بە رژیم و پێکهێنانی تاقم و دەستە دژ بە ئاسایشی ناوخۆ راگەیێندراوە و دەبێ رۆژی سێهەمی بەفرانبار بۆ دیفاع لە خۆیان لە لقی یەکی دادگای رژیم لە مەهاباد ئامادە بن.
ناوبراو زیادی کرد، ئەو کەسانە ساڵی ڕابردوو بە هۆی پێکهێنانی رێ و رەسمی ئایینی گیران و هەرکام لە دوای ٢١ رۆژ زیندان بە دانانی زەمانەت ئازاد کران.

***

## هەڵسووڕاوێکی سیاسی لە جوانرۆ گیرا

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئێران رۆژی پێنج شەممە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٧، هەڵسووڕاوێکی سیاسی بە ناوی ئەنوەر رۆستەمی کوڕی محەممەد عەزیز خەڵکی جوانرۆیان گرت و زیندانیان کرد.
ئەنوەری رۆستەمی کە ساڵی ١٣٨٤ بە تاوانی گێرەشێوێنی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و بەشداری لە نارەزایەتیەکانی کوشتنی شوانەی سەیدقادر لەلایەن دادگای رژیمەوە لە کرماشان بە دوو ساڵ و شەش مانگ زیندان مەحکوم بوو کە بە دانانی زەمانەتی ٦٠ ملوێن تمەنی ئازاد کرابوو و لە دوای تەئیدی حوکمەکە لەلایەن دادگای رژیمەوە دووبارە گیرا و رەوانەی زیندان کرایەوە.

***

## مامۆستایێکی کامیارانی بۆ جارێکی دیکە دادگایی کرا

ساسان بابائی مامۆستای کامیارانی کە ئێستا لە زیندان دایە، لە ماوەی چەند رۆژی ڕابردوودا بۆ جارێکی دیکە بە تاوانی پروپاگەندە دژ بە رژیمی ئێران لە دادگای رژیم لە سنە دادگایی کرا. ئەو دادگاییە کە بە بێ ئامادە بوونی پارێزەر بەرێوەچوو، ساسان بابائی دیفاعی لە خۆی کرد و ئەو تۆمەتانەی رەد کردەوە.
شایانی باسە کە ساسانی بابائی لە پەروەندەیێکی دیکەدا بە تۆمەتی پروپاگەندە بۆ یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی موخالفی رژیم بە چوار ساڵ زیندان مەحکوم کرابوو و ئێستاش خەریکی تێ پەراندنی ماوەی حوکمەکەیەتی لە زیندانی ناوەندی شاری سنەدا.

***

## هەڵسووڕاوێکی کورد لە سنە حوکمی زیندانی بە سەردا سە پا

بە پێی هەواڵی موکوریان، هاووەڵاتییێکی کورد بە ناوی کاوە تەهماسبی کوڕی کەریم کە ئێستا لە زیندان دایە، لەلایەن دادگای بە ناو ئینقلابی رژیمی ئێرانەوە بۆ جارێکی دیکە زیندانی بە سەردا سەپا.
ناوبراو کە پێشتر بە تۆمەتی پروپاگەندە دژ بە رژیم بە ساڵێك زیندان مەحکوم کرابوو بە پێی ئەو پەروەندەی کە لەم دواییانەدا لە ناو زیندان دا بۆی سازکراوە، بە ٤ مانگ زیندانی دیکە مەحکوم بووە.
شایانی گووتنە تەهماسبی کە ئێستا لە زیندانی سنەدایە، پێشتریش بە تاوانی سنوور بەزاندنی ناقانوونی ٦ مانگ زیندانی بۆ بڕابۆوە.

***

## فشاری هێزەکانی رژیم بۆ سەر خەڵك لە دەوروبەری بانە

ماوەییێکە هێزە ئینتزامیەکانی رژیمی ئێران لە دێ کانی ماڵتە، کیوەرۆ و گڵەسوورەی ناوچەی خێڵەڕەشی بانە دەستیان داوەتە ئازاردانی خەڵك و کاسبکاران و کەل و پەلی بەرچاوی خەڵکیان ئاوردادوە.
زۆرهێنان و ئازاردانی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا پەرەی سەندوە، کە مەبەستی کاربەدەستانی رژیم لەلایێك نەهێشتنی کار و کاسبیە لە ناوچە سنووریەکان تا بەڵکوو لەو رێگەوە بتوانن لاوان ناچار بکەن بچنە ریزی بەسیج و هێزی بەکرێگیراو یان بە شێوەییێك خزمەت بە رژیم بکەن.
بەڵام لاوانی شۆرشگێڕ و خەڵکی کوردستان بە تێکڕا، بە باشی لە سیاسەتی دژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی رژیم ئاگادارن و هیچ کات پێ ملی ویست و داوا ناڕەواکانی ئاخوندان نابن.

## ئەندامانی کۆمیتەی سازمان لە وەڵاتی فنلاند، بەشداری رێ و رەسمی رۆژی پەنابەریان کرد

رۆژی هەینی ٨ی سەرماوەزی ١٣٨٧ـ ٢٨ی نوامبری٢٠٠٨، ئەندامانی کۆمیتەی فنلاندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ژمارەییێك کورد بەشداریان کرد لە رێ و رەسمی رۆژی پەنابەران و ساڵرۆژی دامەزرانی مەدرەسەی فێربوونی زمان لە شاری "کیمیی" لە باکووری فنلاند کرد.
بەشداررانی ئەو رێ و رەسمە کە لە ١٠ نەتەوەی جیاجیا پێك هاتبوون هەرکام بە کەلەپوور و فەرهەنگی خۆیان ئاهەنگیان گێڕا.
ئەندامانی کۆمیتەی فنلاندی سازمانی خەبات و ژمارەییێك لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە وەك نوێنەرانی نەتەوەی کورد، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئارمی سازمانی خەبات و هەڵپەڕکێ و نیشان دانی کەل و پەلی کوردی و باری کەلەپووری کوردستان چالاکیان نواند کە لەلایەن بەشداربوانەوە پێشوازی گەرمیان لێ کرا.

## ٣٤ هەزار کیلۆ گرام لە خەزێنەی زێڕی بانکی ناوەندی رژیم فرۆشراوە

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ئیلنا، بە پێچەوانەی قسەی ڕاوێژکارە پلەبەرزەکانی ئەحمەدی نژاد، خەزێنەی زێڕی ئەو وەڵاتە کەم بۆتەوە. ئیلنا دەڵێ: کۆکراوەی تەڵای ئێران نەك هەر زیادی نەکردوە، بەڵکوو زۆری کەم کردوە. ئەو بڵاوکراوەیە لە ڕاپۆرتی تایبەتی خۆیدا لەو بارەوە دەڵێ: کە ئامارە رەسمیەکانی بانکی ناوەندی ئێران دەری دەخەن کە خەزێنەی گشتی زێڕی وەڵات لە ١٤٠/٨ تۆن لە ساڵی ١٣٨٥، کە تا کۆتایی ساڵی ١٣٨٦ گەیشتۆتە ١٠٦/٧ تۆن کە نیشانەی ئەوەیە ٣٤ تەن لە کۆکراوەی زێڕی ئێران فرۆشراوە.
موجتەبا هاشمی، ڕاوێژکاری سەرۆك کۆماری رژیم ماوەیێك پێش رایگەیاند کە بە هیمەتی سەرۆك کۆمار بۆ پێش گرتن لە کاردانەوەی کێشەی ئابووری جیهانی لە سەر ئابووری ئێران، هێندی لە پووڵەکانی وەڵات کراون بە زێڕ.
هەواڵدەری حکومەتیی ئیلنا نووسیویەتی کە خەزێنەی زێڕی بانکی ناوەندی ٢٦ لە سەد کەمی کردوە. بە پێی ڕاپۆرتی ئەو هەواڵدەریە، لە کاتێکدا کە خەزێنەی زێڕی وەڵات لە دەرەوەی وەڵات تا کۆتایی ساڵی ڕابردوو نزیك بە ١٣ تەن راگەیێندرابوو، ساڵێك پێش ئەوە یانی ساڵی ١٣٨٥ رێژەی خەزێنەی زێڕی ئێران لە دەرەوەی وەڵات زیاتر لە ٣٤ تەن بووە.

## دادگای عەداڵەتی ئوروپا داوای شۆرای وەزیرانی بە ناتەواو زانی و چوارەمین حوکمی خۆی بۆ ڕەش کردنەوەی ناوی سازمانی موجاهیدین لە لیستی تڕۆریستی دەرکرد

دادگای عەداڵەتی ئوروپا لە لوکزامبورك بە دەرکردنی چوارەمین حوکم، و تەئیدی لە سەر حەقانیەتی حوکمی مێژوویی لابردنی ناوی تڕۆریستی مجاهیدین کە رۆژی ١٤ی سەرماوەز دەرچوو و داوای شۆرای وەزیرانی یەکیەتی ئوروپا بۆ دواخستنی بەرێوەبردنی ئەو حوکمەی دادگا، بە ئاشکرا رەد کرد و بە قەبووڵ نەکراوی راگەیاند. دادگا شۆرای وەزیرانی بەوە مەحکوم کرد کە دەبێ خەرجەکانی موجاهیدین بداتەوە.
لە چوارەمین حوکمی دادگای عەداڵەتی ئوروپا دژ بە بڕیاری یەکیەتی ئوروپا کە لە وەڵام بە داوای شۆرای وەزیرانی ئەو یەکیەتیە دەرچووە، هاتووە: دادگای عەداڵەتی ئوروپا فەرمان دەدا:
١ـ داوای هەر جۆرە لێکدانەوە و شیکردنەوەیێك لەلایەن شۆرای وەزیرانی یەکیەتی ئوروپا، بە ئاشکرا قەبووڵ ناکرێ و رەد دەکرێتەوە.
٢ـ شۆرای وەزیرانی ئوروپا مەحکومە کە جوێ لە خەرجەکانی خۆی، خەرجەکانی سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران قەبووڵ بکا.
٣ـ کۆماری فەرانسە و کۆمیسیۆنی ئوروپا خەرجەکانی خۆیان دەگرنە ئەستۆ.

## پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات سەردانی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد



رۆژی یەکشەممە ١ی بەفرانباری ١٣٨٧ـ ٢١ی دیسامبری ٢٠٠٨، شاندێکی پێوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوون لە بەرێزان: بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی نوێی پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات و بەختیار عەزیزی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و بورهان شامرادی و رەحمان پوورکەریمی و شادمانی خودامورادی، سەردانی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرێز کاك ئەمین نەجار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسی لقی ١٦ و بەرێزان، مەغدید، بایز زراری، موراد و کاك عەدنان ئەندامانی لق پێشوازیان لێ کرا.
لەو دیدارە کە سەعاتێکی خایاند باس لە دۆستایەتی لە مێژینەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کرا و لە سەر گەرم و گورکردنی پێوەندیەکان پێداگری کرا.

## بەهێز بوونی ئەگەری بەرێوەچوونی حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر



فەرزادی کەمانگەر مامۆستا و هەڵسووڕاوی مافی مرۆڤ ساڵی ١٣٨٥ گیرا و لە دوای تێپەڕاندنی پرۆسەی گومماناوی دادوەری لەگەڵ ئازار و شکەنجە کە بووە هۆی زەربەت دان لە چەناکە و مێشك و دەست و سەری و لەلایەن دادگای بە ناو ئینقلابی رژیمەوە حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپا و ئەو حوکمەش لەلایەن دیوانی بەرزی رژیمی دووپات کرایەوە.
لە دوای ڕاگەیاندنی حوکمی ئێعدامی ناوبراو لەلایەن ووتەبێژی دەزگای دادوەری رژیم بە شێوەی ناقانوونی نێردرایە بەندی ئەمنیەتی ٢٠٩ی زیندانی ئەوین.
کەمانگەر ماوەییێکی زۆری لەو بەندەدا بێ بەش لە مافی خۆی وەك پێوەندی لەگەڵ خانەوادە یا پارێزەر بردە سەر و لە دوای ئەوە تەنیا چاوپێکەوتن و پێوەندی ناوبراو لەگەڵ بازجووەکەی دا بووە.
بە پێی ئەو هەواڵانەی گەیشتوون نیوەرۆی رۆژی دووشەممە ٤ی سەرماوەزی ١٣٨٧ هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم هێرشیان کردە سەر ژووری ١٢١ی بەندی ٢٠٩ و لە بەر چاوی زیندانیەکانی دیکەدا بە شێوەیێکی وەحشیانە ئازار و شکەنجەی فەرزادی کەمانگەریانداوە و بۆ شوێنێکی نادیاریان بردوە.
بە پێی هەواڵ ئاخرین جار کەمانگەریان لە بنکەی تەندروستی زیندان لە هەل و مەرجێکی خراپدا بینراوە.
بە پێی ووتەی شاهیدان هێزە سەرکوتگەرەکان ناوبراویا بە لێدان و قسەی سووك پێ یان دەگووت بۆ ئێعدامی دەبەن.

***